قەسیدە

# تۆبۆگرافیای مەمکەکانت و نەخشەیەکیش بۆ پەرەوازەیی من..

ئیسماعیل حەمەئەمین

## مەمکەوەحشیەکان

لەخوار مەمکەکانتەوە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتەکان دەستپێدەکات..
تۆ ئەی دڕەندەترین وشە ، ئەی ڕوخانی من لە نێو بارانی جەنگەڵستانە شێدارەکانت، بمبەخشەرەوە بەپەرەوازەبوون .
ئازادم بکە و لە جەستەی مێینەیی خۆتەوە تورمدە بۆنێو بۆهیمیەتی چەپاندن..
قوتارم بکە لەو ئەشقەی جۆرێکە لەزیندان و بەشێکیشە لە پێغمبەراتی
لەنگەرم پێبگرە لەنێوان تامی لەشت و تامی ڕۆژەکان ،
قوتارمبکە بۆ نێو چەپاندن ، چونکە من پیاوێکم خۆڵەمێشی بۆزی جەنگ و ڕەنگی ڕۆژگار و خاکی شێدارم بەخوێن
جێمبهێلە لە نێو تەنیایەکی نامرۆیی، بۆ ئەوەی بگەمە ئەودیوو کامڵبوونی دڕەندەیی.

## خیانەتێکی گوڵپەمەیی

مەمکەکانت پەرشبوونەوەی تۆزی مانگ بوو بەسەر ڕووبەرێکی دیکەی تەنهایی ..
تەنهایش مێینەک بوو لە نێو شەهوەتێکی لەبیرکراو ، لەسەرخۆ بەنیو خۆیدا سەفەری دەکرد و لەنێوان درزی مەمکە حەرامەکانتدا خۆی دۆزیەوە..
لەوێوە بوون دەستی پێکرد.. لەوێوە خیانەت بەشێک بوو لە فەزیلە و بەشێکیش بوو لە قبوڵکردنی هەموو جوانیەکان، لەوێوە خیانەت تامی وەفایی دەدا ..
پێم گووت : خیانەت نێزیکم دەخاتەوە لەوەفا..
گووتم : خیانەت نێزیکم دەخاتەوە لە ئەوی دیکە، لە مەئشوق ،
گووتم : دامپۆشە بە مەمکە خیانەتکارەکانت.. بەڕووەکەکانی نێو خەون..
گووتی : ئۆی.. تەنها خیانەتە دادتدەپۆشێ بەگوڵی پەمەیی مێینە، ئەو گوڵانەی دوای هەڵکشانی چێژ بە نێو دیوارەکانی ڕۆژانە ژیاندا، بۆنی ڕۆحت پێدەبەخشن ،
ڕۆحێک دەمێکە ونتکردووە..

## گەشتێگ بەنێو لێوارێکی دیکەدا

لەنیوەشەوێکی هاویندا گوڵێکی سپی گەشایەوە، گوڵێک تامی شیری گوڵە گەنمی هەبوو،
بۆنێک بەهەناسەدا هەڵدەکشاو دەچووە نێو خوێنی شاوەتەکانمەوە..
لەو نیوەشەوەدا هاواری خواوەندەکانم کرد و گووتم : خوداوەند .. خوداوەند.. لەزەتت بۆ خەڵقکرد،
وێنەی ئەوی ڕووتت بە مەمکە وەحشیەکانیەوە بۆ خەلق کرد،
ئەم شەوەت بۆ لەنێو گەشانەوەی ئەو گوڵە سپیەی حەرامدا چێکرد ،
گوڵێک لەنێو خوماریەکی پڕ تەمدا ، لەنیوە شەوێکی هاویندا ، بەنێو پەردەکاندا دەهات و دەچوو ،
لەنێوان درزی مەمکەکانیاندا ڕاگیری کردبوو ، عەیارانەش بە سەرخۆشی من پێدەکەنی ..
خوداوەند .. خوداوەندی جوانی .. هاودە م و هاوڕێ ..بۆ منت قوتار نەکرد لە وخەیالآتانەی چەند
سەدەیەک لەمەوبەر منی خستبووە سەر کەڵکەی گەڕان بەدوی خۆرێکی ڕۆشن لە نیوەشەوێکی
نوتەکدا.
خوداوەند بۆچی لەو گوڵە سپیەی جەستەی ، نێو ڕانی ،
سنووری پڕ ئاگری خوار مەمکەکانی ،
بۆنی دارستەکانی تەنیایی مێینەیی بنباڵی ،
پێچی دووهەمی نێوان ڕان ولەرینەی پوزی ،
هەناسەکانی دوای ئاهاتی حەسرەتی حەرام، بۆندار بەبۆنی خیانەتێکی چاوەڕوانکراو،
لەهەمووی خوادیە ،لەهەمووی ..خودایە بۆ قوتارم ناکەی ..
دیسانەوە قوتارمکە لەجەستەی کەبەشێکە لەهەڵم و بەشێکیشە لەبۆنی تەڕی زەویەکی شێدار بەئەشق..
خوداوەندی وشە کەی دەگەمەوە ئەوبەر ، ئەوبەری پیاوەتیم وەک ڕەبەنێکی ئەبەدی، خەون
بەلێوارێکەوە ببینم ، بۆنداره بەبۆنی گوڵێکی سپی کە لەنێوان درزی مەمکی ئەوی عەیاردا دەگەشێتەوە..

## بۆنی چێژ

خومار بەبۆنی جەستەت ،بەبۆنی مەمکەکانت لەکاتی چێژدا، بەبۆنی دارستانەکانت ، بەبارانی دوای
نوستن لەسەر جێگەی عەیاری، من خۆم ڕادەکێشم ،
وەک نەخشەیەک شارەکانی خۆم لەدوای چێژ ڕۆشندەکەمەوە، پڕیان دەکەم لە مێینە ، مێنیەک تەنها
میهرەبانی سۆزانیەکم پێبەخشێ و دوور بێت لەهەموو درۆکانی فەزیلەت..
تۆ ئەی مێینەی تێکەڵ بەشەهوەتێکی ئەبەدیم، ساتی کۆتایی هاتنی تۆ لەدەمارەکانمدا، ساتی کۆتایی منە
لە نێو وجود.. ساتی کەوتنە خوارەوەی وشەیە بۆ نێو ڕەشایی ڕۆژانە ژیان..
تۆ ئەی میهرەبان بەمیهرەبانی هەموو سۆزانیە بەوەفاکانی ئەم سەر زەویە، بمپێچە لەخۆت، بمتلێنەوە
لەسەر جێگای عەیاریت، گاڵتە بەئاهاتم بکە ، پێبکەنە بە بیرگوزاریەکانم ، هەڵپەڕە لەسەر جێگەی
موحیبەت و وازم لێبێنە لە نێو ڕانەکانتدا لەدایکببمەوە..

## ونبوون لەنێو هیچدا

من ونبووم.. ونبوونێکی بێمانا، ونبوونێکی بێڕەنگ و بۆن، ونبوونێکی ترسنۆکانە..
من ونبووم .. ونبوونێکی سەخت لەنێو گۆشەگیریەکی چەقبەستوو لەنێو خۆمدا،
من لەنێو خۆمدا ونبووم ، لەنێو هەناسە بۆگەنەکانی ئەو ڕۆژانەی وەک بیرەوەریەکی دوور وەهان.
من ونبووم و تازە هەرگیز خۆم نادۆزمەوە، من ونبووم چونکە چیدی تامی جەستە ناکەم، چیدی بۆنی نێرگز ناکەم ، چیدی کراسێکی سپی قۆڵ کورت لەبەر ناکەم و خۆم لەبەر خۆر هەڵناخەم و بەختەوەر نابم بە سێبەر ..
من ونبووم لەنێو کاتی دەستپێکردن و کۆتایی ڕۆژەکان
من ونبووم چونکە چیدی هەورەکان نابینیم بەرەو دوور کۆچبکەن، یاخود نامەوێت سەیری ئاسمانێکی ساف بکەم و بڵێم : چەندە جوانە شینایی بێسنوور ..
من چیدی ئەو دیوو جەستە ناکەوم و تامی بۆنی بەرزبۆوە لەجەستە ناکەم.
من ونبووم چونکە چیدی لەزەت نابێت بە پەنجەرەیەک، مانگ لەبەردەمیدا خۆی ڕووت کاتەوە، چیدی شتەکان ، وشەکانی سەر جێگا نابنە هاروژاندنی خەیاڵ و تێکەڵبوونی ڕەنگەکانی نیوەشەو بە ڕەنگی ئاگری چێژ.
من ونبووم و دەمەوێت جارێکی تر لەنێو تۆدا ونببمەوە..
دەمەوێت خۆم ونبکەم لەنێو لەرینەوەی لەشتدا، لەنێو هەناسەی ئاهێکدا خۆم ونکەم، کەبە نازەوە پێش نوستن هەڵیدەکێشی.
دەمەوێت ونبم لەنێو پێچێکی دیکە لە جەستەت ، بۆ ئەوەی ببمەوە بەو هەرزە ساکارەی تامی دنیای وەک پرتەقاڵێکی شیرین دەکرد،
دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ نێوت ئەی مێینە ، بۆ نێو قامیشەڵانە سەماکارەکانت، بۆ نێو خامۆشی خەونەسادەکانت،بۆ نێو ووردەکاری ڕستە و بەئافرەتبوونی جیهانت، بۆ نێو بەسۆزانیبوونی پڕ میهری مێینەیت..
من ونبووم و دەمەوێت دیسانەوە وەک ڕۆژانی خەزەڵوەر لەسەر توێژاڵی گوناهە پاڵبکەوم و بگەڕێمەوە بۆ ڕۆژهەڵات..

## دیسانەوە مەمکەکان ..

لەزەت و منداڵ پێکەوە دروستبوون ، لەزەت و خەیاڵ پێکەوە خۆیان بۆ ئەبەد گرێدا،
خۆیان بۆ نێو بێهۆشی شتەکان گرێدا ..
ئەمانە ئەو قسانەن پێشئەوەی لە جێگای لەزەت بێمە دەرەوە، بەڕووتی دەیانکەم ،
بەتەواوی جل و قاتو بۆینباخیشەوە، باس لە فەزەیلەت و مۆراڵ دەکەم..
دەڵێم : ئەم هەموو ونبوونە لە نێوان گۆی مەمکەکانت و کەلێنی گەورەی کۆتایی مەملەکەتی مەمک و لەشە ئەسمەرە کەتدا کەبەرەو خوار ، بەرەو دواتخوبی نێور ڕانە وەحشیەکانت دەبێتەوە ،
لەوێ، لەنێوان ئەو دوو سنوورەدا وندەبم..من نامەوێ چیدی ونبم،

ئەم قسانەم کاتێکە کەجلم لەبەر دایە ، کەڕووتیش دەبمەوە دەڵێم: ونم بکە لە نێو جەستەدا ، ونم بکە لە نێوان کەلێنی شاراوەی مەمکانت و سەرەتای پێدەشتی جەستە ئەسمەرەکەت..

## کورسیەکانی بەیانیان

کورسیە خەواڵوەکانی بەیانیان ..
قاوەخانەیەکی هێمن خۆمی تێدا کۆدەکەمەوە.
لەگەڵ قاوەخواردنەوەی بەیانیاندا پارچەکانی خەونم کۆدەکەمەوە،
لێرەوە لەوێ ، لەگەڵ پەرش بوونی خەواڵوویی ڕوانیندا،
دەیانگەڕێنمەوە بۆ هەڵمی ڕۆژەکان.
ڕۆژەکانیش لەنێوان هەڵمی جەستەی تۆ و وشەدا خۆیان درێژ دەکەنەوە..
لەنێوان ئەم هەموو ونبوونە وەنەوشەیانەدا، تۆ مانگێکی درەوشاوەی ڕۆژێکی گەرمی ونبوونی من و میهرەبانی جەستە خۆتی .

## داماڵینی حەزێکی دیکە..

جەستەیەک دەمگرێتە خۆی ، نێو ڕانەکانی دەکاتەوە بۆ بەربونەوەی من ، بۆ ئەبەد لەنێویدا وندەبم.
ئیدی ..تۆ وشەیەکی ئەی مێنە
تۆ هیلاکیەکی ئەبەدیت لەنێوان هۆشمەندی و غەیبی شتەکاندا دزەدەکەیت
گوناهەیەکیت پڕدەکەیت بەهەموو برینداریەکی ویژدان
خەونێکت هەموو نێرینەیەکی خەوبینەر پەڕاوەزە دەکەیت .
پەڕوازەیەکی خۆشبەختانەیەت، من لەنێوان گردۆڵگە ئەسمەرەکانی مەمکت و قۆقزی ئەو سمتە ئەسمەرانە خومار دەکەیت،کە شتێکیان لە جوانی گەردوون قەرزکردووە.شتێکیشان لە پێستی پەمەیی حەزێکم داماڵیوە کەلەنێو جەستەی مێنیەکی پڕ گوناهەی نێو ئەستێرەکاندا لەخۆمم پێچابوو..
منیان هەڵواسیوە وەک ئەستێرەیەکی تەنهای هەمیشە خەوبینەری نێو پێچە سەیرەکانی هەموو جوانیەکی نەبینراو ..

# گوڵەسپیەکانی چاوەڕوانی

شەوێکی گەشانەوەی گوڵەسپیەکان پێی گووتم تۆ گاڵتەت بەعەشقی من دەهات ..
سپێدەش پێمی گووت: دوێنی شەو سەیری مانگت کردو تێر گریای،
گووتی : وەک منالّ لەنێو کۆشمدا خەوت لێکەوت...
مێینەیی شەوێکی ڕووتبوونەوەی مانگ بوو ،شاردنەوەی شتە بچوکەکانی جیهان بوو لە نێو دژەکایەکانیدا، پەراوەزیی خۆم بوو وەک پیاوێکی نێو خەیالّ و سەرابی پەمەیی،
هیلاکیەک بوو، وەک خەیاڵێک وابوو بەدووی ڕەنگەکانی خۆیدا بگەڕێت ، وەک پیاوێکی ڕۆمانسی لە بیرکراو لە قەراغ شارەکانی مەنفادا ڕاوەستێ و سەرنجی هەموو خۆرئاوایەک بدات ، بێت و بەنێو کۆلانی سۆزانیەکاندا تێپەڕ بێت و جگەرەیان بۆ داگیرسێنێ ، بەنێو باخچەکاندا تێپەڕ بێت و لەبن درەختە زەبەلاحەکاندا بەپێوە میز بکات، سواری میترۆ قولەکان بێت و سەرنجی تێپەڕ بوونی وێستەگە و پلاکێت و ڕۆشنایەکان بدات، لە وێستەگەی شەمەندەفەرکاندا لەسەر کورسیەکانی چاوەڕوانی دانیشێت و چاوەڕوانی ئەوێک بکات کەلەنێو شەمەندەفەرێکی خەیاڵدا ، بەنێو ڕەنگەکاندا ڕێگەدەبڕێت.. چاوەڕوانی هیچ بێت ، هیچێک دۆزینەوەی خود بێت لەسەر کورسی درێژی وێستگەکانی خەیالّ، چاوەڕوانی مێینەیەک بێت بەگوڵێکی سپیەوە بێت و پێی بڵێت دەمێکە چاوەڕوانم دەکەیت، بڵێت پێشئەوەی قسە بکەین بابچین لە ژووری ئوتێلێکی هەرزاندا مەمکەکانمت نیشاندەم ، پەراوەزت بکەم لەنێوانیاندا ، پێچە بەدەورەت پێبکەم لە نێوان لەزەت و ئاهاتدا ، پێی بڵێت وەرە هەموو ئەو کێڵگە ئەسمەرانە ماچبکە، کەلەدوورەوە زۆر دوور لەنێو پێچەنهێنیەکانمدا خۆیان درێژ کردۆتەوە، وەرە پێش گفتووگۆ و شەڕی وشەکان با مەمکەکانمت نیشاندەم ، ئەو مەمکانەی تەنها لەخەونەکانتدا دەگەشێنەوە..

- تــــــــــەواو -

ئیسماعیل حەمەئەمین
نورنبێرگ 2004-04-20